## 3 بابەت:

**شارستانیەتي ئیسلامي:** خاوەنی کۆمەڵێ بنەمای تایبەت بە خۆیەتی ئەوانیش بریتین لەم بنەمایانە:

-بیروباوەری یەکتاپەرستی: شارستانیەتی ئیسلامی یەکەم بنەمای جێگیر و بنەرەتی ئەوە بووە کەوا یەکتایی خوا بچەسپێنێ و لە خەڵکی بگەیەنێ کەوا دروستکراوەکان نەکەنە هاوەڵی خوای تاك و تەنها.

-دادپەروەری: ئیسلام بەوپەری گرنگییەوە لە خەمی چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدایە و ئەمەش بەپێی دەقی قورئان و سوننەت.

-زانست: ئیسلام ئەو دینەیە کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەمرۆ کێشەی لەگەڵ زانستدا نەبووە و هەمیشە هانی خەڵکیداوە لەسەر خوێندنەوە و نووسین و هەوڵدان بۆ فێربوون هەربۆیە دەبینین لەماوەی حوکمی ئیسلامییدا و زۆر زوو شارستانیەتێکی پانوبەرین درووست دەبێ کە بەرهەمی ئەو کرانەوەیە کەوا لەنێو ئەم دینەدا بەرجەستەیە.

-رەوشت: ئیسلام دەستورێکی گشتگیرە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و بە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە بە تەواوی ئاینە جیاوازەکانەوە کەوا چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن، چونکە قورئان بۆ خۆی ئەو دەستوورەیە کەوا پەروەردەی تاك دەکات و فێری دەکات کە لە تێکرای کایەکانی کۆمەڵگادا چۆن مامەڵە بکات.

-کار: ئەتوانین بڵێین ئەمە سەرەکیترین بنەمایە چونکە دینی ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەسەر کار کردن بەو شتانەی فێریان دەبی، هەربۆیە یەکێ لە بنچینە سەرەکییەکانی ئەم دینە پاش پەرستش و عەقیدە، کار کردنە بە دینەکە ئەویش ئەمرکردنە بە چاکە و نەهی کردنە لە خراپە، بەمەش ئەگەر خەڵکی ئەم بنەمایەیان جێبەجێ کرد ئەوکاتە بەردەوام دینەکە لە نوێبوونەوە و ریفرێشی خۆیدایە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە. **ئەم تايبه تمه نديانه ش كاريگه رى هه بوو له سه ر كورديش و رۆلى به رچاويان بينى له شارستانيه تى ئيسلامدا**.

***تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتي ئیسلامي:***

شارستانیەتی ئیسلامی بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی دەناسرێتەوە:

-هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بیروباوەری یەکتاپەرستی.

-هەوڵدان بۆ درووستکردنی شارستانیەتێکی مرۆڤانەی جیهانی چونکە پەیامەکەی جیهانییە و تایبەت بە یەك میللەت و زمانەوە نییە.

-هەوڵدان بۆ بە ئەخلاقی کردنی تێکرای سیستم و دامەزراوەکان دوور لە فرتوفێڵ.

-هەوڵدان بۆ بە گەورە سەیرکردنی زانست و کردنی بە سەرچاوەی گرنگی پێدان و

هەڵسەنگاندنی کەسەکان.
-هەوڵدان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی دینی دوور لە ئاژاوەگێری و ململانێ.

**هاندانی ئیسلام بۆ فێربوون و کران بە دوای زانست وزانیاری:**

**ئیسلام گرنگی داوە بە زانست وبانگەواز دەکات بۆ دەستهێنانی زانست، یەکەم فەرمانی ، یەکەم فەرمانی خواش کە پێغەمبەر (د.خ) وەریگرت هاندان وگەورەیی زانست بوو ، (خوا سبحانه دەفەرموێ: "أقرأ باسم ربك الذي خلق..... لە سورەتی العلق کە ئەم ئایەتە مانایەکی مەزنی هەیە کە ئاایینەی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە تاریکی ونەفامی نەهێلێت وڕێگەی ژیان ڕووناك بکاتەوە.**

**ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە هاندان وبەرزڕاگرتنی زانست زۆرن، زانست و پرسی زانست لە قورئاندا نزیکەی نۆسەد جار باس کراون، بۆ نموونە** ( ن والقلم وما يسطرون ) **لە سورەتی القلم** (والطور ، وكتاب مسطور) سورة النساء.

**خوای گەورە چەندین ئایەتی سەبارەت بە زانایان هێناوە کە ڕێزیان بەرز ڕادەگرێ ، وپێگەیان بەرزە لە نێو خەڵکدا، لە وانە: "** يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(11)" سورة المجادلة ، **هەروەها "** وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ" (43) العنكبوت ، هەروەها ( وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا " (85) الاسراء.

**چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) سەبارەت بە گرنگی زانست ومەعریفە هاتوون وەك دەفەرموێت (**اطلبوا العلم من المهد الى اللحد) **واتە (زانست بخوازان هەر لە بێشکەوە تا ناو گۆڕ) هەروەها دەفەرموێت ( هەر کەس بەدوای زانستدا بچێتە دەرەوە ئەوە لە ڕێی خوا دایە تا دەگەڕێتەوە) هەروەها (هەر کەس دنیای دەوێ با زانست وەرگرێ، هەر کەسیش دواڕۆژی دەوێ با زانست وەرگرێ، هەر کەسیش دنیا و دواڕۆژیشی دەوێ با زانست وەرگرێ).**

**چەندین فەرموودەی تری پیرۆز هەن لەو بارەوە. هەروەها ئایینی ئیسلام ئافرتیشی هان داوە کە لە فەرموودیك دا هاتووە : (**طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة**) (زانست خوازی فەرزە لە سەر هەموو موسڵمانێکی نێرو مێ).**

زۆر لەم نموونان زیاتر لە قورئان وفەرموود دا هاتووە باس لە پیەکی زانست وزانا لە ئیسلام دەکات بە بی جیاوازی لە نێو چین و رەگز یان تەمەن ونەتەوە ئەم هەمووی هاندەر و پاڵنەر بوو بۆ گرینگی دان بە زانست وگەشە کردنی . ولەبەر ئەم هۆکارنە زانستخوازی پەری سەند لە لای موسلمانان کە نەتەوی کورد بەشیك دیار بوە لەو شارستانیتە.

لە پاڵ ئەم هەموو پاڵنەرانە، پاڵنەرەی تر هەن کە وای کرد موسڵمانانی کورد و موسڵمانان بە کەشتی گرنگی بە زانست بدەن :

1. ئیسلام بۆ زانستخوازی لە رێی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر ( د.خ ) خەڵکی هان داوە.
2. بلاَوبوونەوەی ئیسلام وفێرکردنی زانستەکانی ئایینی ئیسلام بۆ کەسانی تر پێویستی هەیە بە زانستی نووسین و خوێندنەوە تەنانەت پێغەمبەر ( د.خ ) رێنمایی موسڵمانان دەکات وهانیان دەدات بۆ فیربوون.
3. دوای سەقامگیری کارگێڕی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا برِێ پیشە دەرکەوتن کە ئەوەیان دەخواست کەسی کارمەندی ئەوەیان دەخواست کەسی کارمەندی ئەو بوارە نووسین وخوێندنەوە بزانێ.
4. چەندین خەلیفە وفەرمانڕەوای موسڵمان بەشدار بوون لە هاندانی ژیانی زانستی لە رێی بەخشینی سامان بە زانایان وبنیادنانی خوێندنگە و پە یمانگە وکتێبخانە و دامەزراوەی تری زانستی وفێرکاری.
5. ئەو ئازادی بیروڕایەی کە ئیسلام بانگەوازی بۆ دەکرد، هەروەها بانگەوازی ئیسلام بۆ ئازاداکردنی عەقڵ لە کۆتەکان تا بڕوانپتە بوون و دوور لە نەریت وبەها بە میرات بەجێماوەکان.